# سوودە گشتیەکانی وەبەرهێنان

## زانیاری گشتی

- هەرێمی کوردستان داوا لە وەبەرهێنەرە بیانی و ناوخۆییەکان دەکات بەشداری بکەن لە گەشەسەندنی هەرێم بەشێوەیەك لە وەتەی دامەزراندنی هەرێمێکی فیدراڵی لە ژێر هاوپەیمانییێکی حزبە سیاسیەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 2005ەوە
- یاسای وەبەرهێنانی کراوەیەی لە ساڵی 2006 پەسندکراوە کە چەندەها پاڵنەر پێشکەش بە وەبەرهێنەرە بنانیەکان دەکات لەرێگەی ئەو مۆڵەتانەی وەبەرهێنان کە سوودە گشتیەکان دەبەخشێت. و پرۆسەی پێدانی مۆڵەتی وەبەرهێنان دووبارە دارێژراوە بۆ زیادکردنی **خێرایی جێبەجێکردنی** پرۆژە و **چۆرێتی وەبەرهێنانەکان** و **شەفافیەتی حکومەت** و **بەکارهێنانێکی لێهاتووی** سوودە گشتیەکان.
- بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر یەکەم بەرێوەبەرایەتی گشتی دەستەی وەبەرهێنانی کوردستاندا (BOI) بوو لە کە هەڵبژێردرا بۆ پێشکەشکردنی پرۆسەی مۆڵەت پێدانی نوێی کە بەم دواییانە دیزاین کراوە وەکو پرۆژەیەکی تاقیکاری، وە بەم نزیکانە لەهەردوو پارێزگای سلێمانی و دهۆکیشدا جێبەجێ دەکرێت.

## سوودە گشتیەکان و مەرجەکانی وەبەرهێنان

- **تەرخانکردنی پارچە زەویەك** بە موساتەحەی پشتگیریکراو.
- **تەرخانکردنی ژێرخانە گشتیەکان** تا سنووری پرۆژەکە(وەکو ئاو و کارەبا و ئاوەڕۆ).
- **لێخۆشبوون لەباجەکانی کۆمپانیا** (بۆ ماوەی 10 ساڵ).
- **لێخۆشبوون لەباجەکانی گومرگی** (بۆ ماوەی 10 ساڵ بۆ مادده سەرەتایی و ئامێر و کەل و پەل و پارچەی یەدەگ، تادوایی).

- **وەبەرهێنەرانی** خۆماڵی و بیانی **وەکویەك مامەڵەیان** لەگەڵ دەکرێت.
- وەبەرهێنەرانی بیانی دەتوانن لەکوردستان **وەبەرهێنان بکەن لەگەڵ یان بەبێ هاوبەشانی خۆماڵی** و **دەتوانن کرێکاری بیانی دابمەزرێنن**.
- رێگە دەدرێت **بەناردنەوەی گشت قازانجەکان بۆ دەرەوەی وڵات**.
- **کەرتە ئەولەویەت پێدراوەکان** بریتین لە: کەرتی **کشتوکاڵی و پیشەسازی و گەشت و گوزاری**.
- یاسای وەبەرهێنان **هەموو کەرتە ئابووریەکان لەخۆدەگرێت** تەنها **کەرتی نەوت و گاز** نەبێت.

## پرۆسەی مۆڵەتدانی وەبەرهێنان [1]




**پێشکەشکردنی داواکاری وەبەرهێنان (1)** یەکەمین هەنگاوە لەکۆی شەش هەنگاودا، لە هەولێردا داواکاری پێشوەختە پێشکەش دەکرێت لە رێگەی پڕکردنەوەی لیستێتکی ئەلیکترۆنی ستاندەر، **هەڵسەنگاندنی شیاویەتی (2)** هەنگاوی دووەمە بۆ وەدەستهێنانی سوودە گشتیەکان لە سەر بنەمای داواکردنی وەبەرهێنان




ئەگەر بۆ وەبەرهێنان شیاو بوو، ئەوا پرۆژەکە دەچێتە هەنگاوی سێیەمی پرۆسەکە کە ئەمیش هەنگاوی **تەرخانکردنی زەوی و پلاندانانی تێروتەسەل (3)**. هەنگاوی چوارەم بریتیە لە **هەڵسنگاندنی مۆڵەت (4)** و دوا هەنگاو دەرکردنی بڕیاری کۆتایی سەبارەت بە دەرکردنی مۆڵەتی وەبەرهێنان.




لەحاڵەتێك کە پرۆژەکە سەرکەوتوو بوو، هەردوو هەنگاوی کۆتایی **بنیاتنان (5) و بەکارخستن (6)** دێن و بەدواداچوون لە پاش مۆڵەت پێدان دەکرێت و چاودێری دەکرێت لەپێناو گەرەنتی هێنانەکایەی مەرجەکان و کاریگەری ئابووری پرۆژەکەی وەبەرهێنان، بۆ نموونە چۆن سەرمایەی پرۆژەکە هاتۆتە وەبەرهێنان و چەند هەلی کاری ڕەخساندووە.

## چۆنیەتی پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەدەستهێنانی مۆڵەتی وەبەرهێنان

**وەبەرهێنەران لەشاری هەولێر پێویستیان بە:**

- **پێشکەشکردنی پرۆژەی وە بەرهێنانیان** بەشێوەیەکی کورت و پوخت بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر بۆ وەدەستهێنانی ژمارەی تۆمارکردن.
- **پڕکردنەوەی لیستی پێشکەشکردنی داواکاری PDF بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی** و بەزمانی ئینگلیزی، کە ئەمیش ئەو زانیاریە پێویستانە بەشێوەیەکی ڕوون دیاری دەکات کە پێویستە دابین بکرێت لەگەڵ پێشکەشکردنی داواکاریەکە و دۆکیۆمێنتەکانی تریش دیاری دەکات(بۆ نمونە: لێکۆڵینەوەی کەڵکی ئابووری و سایت پلان و خشتەی کاتی) کە پێویستن بۆ هەڵسەنگاندنی شیاوی پرۆژە داواکراوەکە بۆ پێدانی سوودە گشتیەکان.
- **ناردنی لیستی داواکاری مۆڵەتی وەبەرهێنانەکە بە پڕکراوەیی** بە زمانی ئینگلیزی جا چ لەرێگەی هێنانی ڕاستەوخۆ بۆ نووسینگەی بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی هەولێر لەگەڵ هەموو ئەتاچە پێویستەکان بە شێوەیەکی ئەلیکترۆنی لەناو USB(فلاش مێمۆری) یان لەسەر سیدیەك. لەجیاتی ئەمەش دەکرێت لەرێگەی نامەیەکی ئێلیکترۆنیەوە لەگەڵ هاوپێچەکان بنێردرێت.

**پێشکەشکردنی داواکاری بۆ وەدەستهێنانی مۆڵەتی وەبەرهێنان لە پارێزگاکانی دهۆك و سلێمانیش** بەهەمان ڕێگە دەبێت، بەڵام تاوەکو ئێستا پێشکەشکردنی داواکاریەکان یەك نەخراون، بۆ ئەم مەبەستەش، تکایە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکەن بە بەرێوەبەرایەتیە گشتیە پەیوەندی دارەکان.

لە پرۆسەی پلاندانان بۆ وەبەرهێنانێك، وا باچاك دەزانرێت وەبەرهێنەرەکان **هەڵسن بە سەردانی کردنی هەرێمی کوردستان** لەپێناو دەست پێکردن بەپرۆسەی پێشکەشکردن و **هەروەها تۆمارکردنی کۆمپانیاکانیان**(لە بەرێوەبەرایەت گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان سەر بەوەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی). بەڵکو ئەمە هەلێکە بۆ ئاشنابوون بە بارودۆخی ناوخۆیی و خەڵکەکە و هەلەکانی وەبەرهێنان لەکوردستاندا.

## پەیوەندیکردن دەربارەی داواکاری مۆڵەتی وەبەرهێنان

**تکایە پەیوەندی بکە بە بەرێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی** تایبەتمەند بەو پارێزگایەی کە دەوتەێت وەبەرهێنانی تیادا ئەنجام بدەیت بۆ وەدەستهێنانی زانیاری تێرو تەسەل، تکایە سەردانی **لاپەڕەی زانیاری** وەبەرهێنان یان وێب سایتی دەستەی وەبەرهێنان بکە، هەموو زانیاریەکان لەم ناونیشانەدا دەست دەکەوێت: http://www.kurdistaninvestment.org.

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان**
**(نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی) هەولێر**
شەقامی نەخۆشخانەی ئیمێرجێنسی، گەڕەکی بەختیاری, هەولێر
+964 66 / 264 21 18
erbil@kurdistaninvestment.org

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان**
**(نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی) سلێمانی**
گەڕەکی سەرچنار، تەنیشت مزگەوتی مەشخەڵان, سلێمانی
+964 53 / 318 17 23 , یان 318 17 24 -
suli@kurdistaninvestment.org

**بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان**
**(نووسینگەی بەڕێوەبەرایەتی) دهۆك**
شەقامی یەکەمی شوبات، دهۆك
+964 62 / 762 71 75K یان 762 70 13 -
duhok@kurdistaninvestment.org

[1] گشت زانیاریەکان بە شێوەیەکی نهێنی مامەڵ دەکرێن ولە لایەن تیمێکی شارەزایانی وەبەرهێنان چاولێدەخشێت لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتیە پەیوەندیدارەکە ...پەیوەندی لەگەڵ وەبەرهێنەر دەکرێت ئەگەر زانیاریەکان تەواو نەبوون, یان پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە و لە کۆتایی ڕاگەیاندنی بڕیار دەربارەی مۆڵەتەکەی پرۆژەکەیان

ئامادەکراوە لەلایەن دەستەی وەبەرهێنان
بەشی زانیاری و لێکۆڵینەوە
بەڕێوەبەرایەتی زانیاریەکان© 2012/11